# هایدیگەر و فەلسەفەی هونەر

محەمەد نەبی
(سۆران)

تێگەیشتن لە فەلسەفەی هونەر لای هایدیگەر پەیوەستە بە تێگەیشتن لە پرۆژە فەلسەفییەکەی. پرۆژەی فەلسەفیی هایدیگەر زیاتر بۆ کتێبە ناودارەکەی (بوون و کات Being and time) دەگەڕێتەوە. پرۆژەکەی دامەزراندنی فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژیی بنەڕەتییە، گەڕانەوەیە بۆ (بوون) وەک بنەڕەتی هەبووەکان، پێی وایە فەلسەفەی خۆرئاوا لە (ئەفلاتون)ەوە تا (نیتشە) (بوون) ی لەبیرکردووە و بایەخی بە (هەبوو) داوە، واتە بیرکردنەوەیەکی ئۆنتیکییە نەک ئۆنتۆلۆژی، بۆ ئەفلاتوون فۆرمە بەرزەکان بنەڕەتی بوونن، بۆ ئەرستۆ هۆکاری یەکەم، یان جووڵێنەری یەکەم و بۆ نیتشە ویستی هێز...تاد، ئەمانەش هیچیان بوون نین و هەبوون، بەمەش دۆگمایەک خۆی سەپاندووە، پرسیار سەبارەت بە بوون لەبیرکراوە و بە ناپێویست دانراوە. (هایدیگەر: ٢٠١٣: ٣٧).

هایدیگەر بۆ بوون دەگەڕێتەوە و پرسیاری ئەوەی (بوون چییە؟) دەبێتە داینەمۆی فەلسەفەی ئەو، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە بوون، لە بوونی مرۆڤ (دازاین)ەوە دەست پێ دەکات، پێی وایە دازاین (بەش)ێکە لە بوون و بوون (گشت)ە.

فەلسەفەی هونەر لای هایدیگەر پێوەندیی بەم پرۆژە بوونناسییەوە هەیە، بۆ هایدیگەر هونەر بە پلەی یەکەم ڕاستیی بوون دەردەخات، هاوشێوەی فەلسەفە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە، هونەرمەند وەک فەیلەسووف ڕاستیی بوون دەدۆزێتەوە.

هایدیگەر لە پرۆژە بوونناسییەکەیدا گرنگییەکی زۆری بە هونەر داوە، بەشێکی زۆر لە نووسینەکانی دوای (بوون و کات) کارکردنن لەسەر هونەر (هونەر بە مانا فراوانەکەی کە شیعر و مۆسیقا و پەیکەرتاشی و ... تاد دەگرێتەوە).

کاری تیۆریی هایدیگەر لەسەر هونەر زیاتر لەو نووسراوەیدایە بە ناوونیشانی (بنەڕەتی کاری هونەری The origin of the work of art) لەم نووسراوەیدا، هایدیگەر پرسیار لە بنەمای کاری هونەری دەکات و چەند پرسیارێک دوورووژێنێت: هونەر چۆن هەیە؟ چی وادەکات کارێک ببێتە هونەری؟ سەرچاوەی هونەر چییە؟ سەرچاوەی هونەرمەند چییە؟ چۆن هونەرمەند دەبێتە ئەوەی کە هەیە؟ چۆن بەم شێوەیە هەیە؟ چ کارێکی هونەری لە نا هونەری جیا دەکاتەوە؟ (Heidegger: 1971: 17) هایدیگەر نموونە بە کارە هونەرییەکەی ڤان کۆخ (جووتە پێڵاوەکە) دێنێتەوە، چی تابلۆی جووتە پێڵاوی ڤان کۆخ لە جووت پێڵاوێکی ئاسایی جیا دەکاتەوە؟ بەلای هایدیگەرەوە، پێڵاوێکی ئاسایی لایەنی شمەکیی هەیە، لایەنی سوود و بەکارهێنانی هەیە، ئەم لایەنی سوود و بەکارهێنانە لە کاری هونەریدا نییە، ئەوە سوود و بەکارهێنانە بابەتێک دەکاتە ئامرازی ڕۆژانە و پێداویستیی مرۆڤ پڕدەکاتەوە، بەڵام کارەکەی ڤان کۆخ سوود و بەکارهێنانی نییە، بەڵکوو کارێکە ڕاستیی بوون دەردەخات، لای هایدیگەر ئاماژەیە بۆ جوتیارێکی ماندوو، کە تێدەکۆشێت جیهانی خۆی ئاوەدان بکاتەوە، جوتیارێک بەلای هایدیگەرەوە (زەوی) ی گۆڕیوە بۆ (جیهان). ئەم دوو چەمکە لای هایدیگەر گرنگن و بیری بوونخوازانەی ئەو ڕوون دەکەنەوە: مرۆڤ لەسەر زەوی نیشتەجێ دەبێ، زەوی دەبێتە شوێنی ژیانی مرۆڤ، بنەمای جیهانەکەیەتی، مرۆڤ لەسەر زەوی نیشتەجێیە، بەڵام دەیگۆڕێت بۆ باخ و کشتوکاڵ و کاری تێدا دەکات، باخ و بێستانی مرۆڤ لەسەر زەوییە، بەڵام باخ و بێستان و زەوی نییە، بەڵکوو جیهانی مرۆڤە؛ مرۆڤ زەویی کردووەتە جیهان، هایدیگەر نموونە بە کاری پەیکەرتاش دێنێتەوە، پەیکەرتاش لە بەرد پەیکەرێکی هونەری دروست دەکات، هونەرمەندەکە بەرد دەگۆڕێت بۆ پەیکەر، پەیکەرەکە چیتر بەرد نییە، بەڵکوو هونەر و جیهانی هونەرمەندەکەیە. (کەمال: ٢٠١٧: ١٥٠).

سەبارەت بە سەرچاوەی کاری هونەری، هایدیگەر پێوەندییەکی یەکانگیر لەنێوان (هونەرمەند) و (بەرهەم)ەکە و (هونەر)ەکەدا دادەنێت، پێی وایە: (هونەرمەند) سەرچاوەی کارە هونەرییەکەیە و کارە هونەرییەکەش سەرچاوەی هونەرمەندەکەیە، بەڵام هەردووکیان بەهۆی (هونەر)ەکەوە هەن. (هەمان سەرچاوە: ١٧).

دیدی هایدیگەر پێچەوانەی دیدی ئەفلاتوونە، لای ئەفلاتوون هونەر بەوەدا ڕەسەنە نوێنەرایەتی جیهانی ئایدیاڵ بکات، چەند لێی دووربکەوێتەوە بەهاکەی لەدەست دەدات، بۆیەش لای ئەو دارتاشێک لە شاعیرێک زیاتر لە ڕاستەقینەوە (حەقیقەت) نزیکە، چونکە لاسایی واقیعی کردووەتەوە، بەڵام لای هایدیگەر هونەر لاساییکردنەوە و نوێنەرایەتی نییە، بەڵکوو داهێنانە و ڕاستیی بوون دەردەخات.

هایدیگەر لە فەلسەفە جوانناسییەکەیدا چەمکی ئیستێتیک ڕەت دەکاتەوە و لەبری ئەوە فەلسەفەی هونەر پێشنیار دەکات، چونکە ئیستێتیک بریتی نییە لە جوانیناسی، بەڵکوو واتای هەستکردن دەگەیەنێت، هەستکردنیش پێوەندی بە دەروون و هەستوسۆزەوە هەیە، بۆیە هایدیگەر دەیەوێ واتایەکی فەلسەفی بە هونەر ببەخشێت و پێی وایە هونەر وەک فەلسەفە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە و ڕاستی بوون دەردەخات، هونەرمەند وەک فەیلەسووف حەقیقەت دەدۆزێتەوە. (هایدیگەر: ٢٠٢٣: ١٤٤).

ئەم مانادانە بە هونەر لای هایدیگەر بۆ ئەوەیە هونەر لە هیچگەرایەتی و کولتووری بازاڕی و

میتافیزیـک دووربخاتــەوە، دەیــەوێ هونــەر لــە داستـانی ژیاندا ڕۆڵ بگێڕێت و مـرۆڤ لـە نامۆبـوون و کەوتـن بپارێزێت. بـەلای ئـەوەوە، ئـەوەی مـرۆڤ لــە هیچگەرایەتــی و کولتــووری بــازاڕی و کەوتــن دەپارێزێــت هونەرمەندانــن، هونــەر مــرۆڤ لــە دەســەڵاتی تەکنۆلۆژیا دەپارێزێت و دەیگەڕێنێتــەوە بوونـی ڕەسـەن، هایدیگـەر بـە چەمکـی خـوا ئاماژە بۆ شاعیران و هونەرمەندان دەکات، لـەو چاوپێکەوتنـەی کـە گۆڤـاری دێرشـپیگڵ لەگەڵــی سـازی کـردووە، سـەبارەت بـە پرسـیاری ئـەوەی، کـە (کـێ و چـی دەتوانێـت مـرۆڤ لـە دەسـت هێـزی تەکنۆلۆژیـا ڕزگار بـکات؟) کاتــێ هایدیگــەر دەڵــێ ((مەگــەر تەنیـا خوایــەک ئێمــە ڕزگار بـکات)). (Heideg- ger: 1976: 11) مەبەسـتی لـەوە، ئـەو هێـزە میتافیزیکییـە نییـە، کـە وەک دەگوتـرێ دەکەوێتـە دەرەوەی بـوون، ئەگـەر وا بیربکەینـەوە دیـارە دوور و نزیـک لـە فیکـری هایدیگـەر تێنەگەیشـتووین، ئەگـەر شـارەزای لایەنـی کەمـی نەریتـی فیکریـی هایدیگـەر بیـن، دەزانیـن هایدیگـەر مەبەسـتی خـوای ئایینـەکان نییـە، بەڵکـوو مەبەسـتی لـە شـاعیران و ئـەو دازاینـە ڕەسـەنانەن، کـە شـاعیرانە دەژیـن و بیردەکەنـەوە، تێگەیشـتنێکی سـەرەتاییش لـە زمـان بـە سـەرنجدان لـە چەمکـی (خوایـەک a god) لەگـەڵ (خـوا God) ئەمەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە: واتــە ئــەوەی بڵێیــن (مەگــەر تەنیــا «خودایــەک» ڕزگارمــان بــکات) جیــاوازە لــەوەی بڵێیــن (مەگــەر «خــودا» ڕزگارمــان بــکات). هایدیگــەر چەمکــی (خوایەکa god) بەکاردەهێنێت: خوایـەک ئاماژەیـە بـە هەبوونـی چەنـدان خـوا، هایدیگـەر ئەمـەی بـە ئەڵمانـی نووسـیوە، بـە ئەڵمانـی ئاوەهایـە: (Nur noch ein Gott kann uns retten)، (gott) بـە ئەڵمانـی واتــە (خــودا)، بــەڵام هایدیگــەر ئامــرازی (ein)ی بـۆ دانـاوە کـە مانـای نەناسـراوی دەدات و(ein Gott) دەبێتـە (خوایـەک) خوایـەک ماناکـەی جیایـە لـە (خـوا)، خـوا ئاماژەیـە بـۆ یـەک خـوا و ناسـراوە، بـەڵام (خوایـەک) ئاماژەیـە بـۆ خوایـەک لەنـاو چەنـدان خـوا و نەناسـراوە. مەبەسـتیش هەمـوو مرۆڤێکی بیرکـەرەوەو داهێنـەرە، مەبەسـت لای هایدیگـەر شـاعیرانن، ئـەوان خوڵقێنـەرن؛ دادەهێنـن.

مەبەسـتی هایدیگـەر ئەوەیـە لەنـاو چەنـدان خـوادا، دەکرێ یەکێکیـان بتوانێت مـرۆڤ ڕزگار بکات، واتـە شـاعیرێک، یـان هـەر مرۆڤێـک، کـە شـاعیرانە و هونەرمەندانـە بیردەکاتـەوە. هایدیگـەر ئەمـەی جارێکـی تریـش بـە چەمکـی (هەڵهاتـن/ بزربوونـی خـواکان) بـاس کـردووە و پێـی وایـە لـە کولتـووری بـازاڕی و ناڕەسـەندا، لـە سـەردەمی نەهامەتیـدا، خـواکان هەڵهاتـوون و ئێرەیـان جـێ هێشـتووە، تەنیا بـە گەڕانـەوەی ئـەوان ئەگـەری ڕزگاری سـەرهەڵدەدات. گەڕانــەوەی ئــەو خوایانــەش لای هایدیگــەر مەبەسـت لێـی شـاعیرانن. (Heidegger: 1971: 90).

لـەم بارەیـەوە «محەمـەد کەمـال» دەڵێـت ((چەمکی (خـواکان) کـە ئامـاژە بـۆ خواگەلێـک، نـەک خوایەکـی تـاک دەکات، هایدیگـەر وەک هێمـا بـۆ مرۆڤـی داهێنـەر بـەکاری دەهێنێـت)) (محەممـەد کەمـال: ٢٠١٧: ١٠٩). خـوا لــە ئەفسـانە و ئایینەکانـدا هێـزی ئافرێنـەر و داهێنـەرە؛ لای هایدیگـەر شـاعیران و بیرمەنـدان ئـەو سـیفەتەیان هەیـە: ئافرێنـەر و داهێنـەرن، بۆیـە پێـی وایـە مەگـەر شـاعیران بتوانـن مـرۆڤ لەدەسـت زاڵیـی دەسـەڵاتی تەکنۆلۆژیـا ڕزگاربکـەن، بـەم هۆیەوەیـە هایدیگـەر بوونـی شـاعیران دەکاتـە مـەرج بـۆ دەرچـوون لـە نەهامەتـی و دەسـەڵاتی تەکنۆلۆژیـا، بـۆ ئەمـەش دەگەڕێتـەوە لای شـیعرە ناودارەکـەی هۆڵدەرلیـن (نـان و شـەراب) و کۆپلەیـەک وەردەگرێـت:

**لەم کاتی تەنگانەیەدا**

**چ پێویستییەکمان بە شاعیرانە؟**

(Heidegger: 1971: 91).

ئـەوەی هایدیگـەر لە وەڵامـی گۆڤـاری (دێرشـپیگڵ)دا دەڵـێ (مەگـەر خوایـەک ڕزگارمـان بکات) پەیوەندییەکی بەتینی لەگـەڵ ئـەم شیعرەی هۆڵدەرلیـن هەیـە، کاتی

تەنگانە کاتی نەهامەتییە، کاتی زاڵبوونی دەسەڵاتی میتافیزیک و تەکنۆلۆژیایە، بۆیە لەکاتی نەهامەتیدا پێویستمان بە شاعیرانە تا لەم نەهامەتییە ڕزگارمان بکەن، واتە ئەوەی هایدیگەر دەڵێ مەگەر خوایەک ڕزگارمان بکات، مەبەست لێی مەگەر شاعیران، هونەرمەندان و داهێنەران ڕزگارمان بکەن.

لەوێدا هایدیگەر چەمکی (شەوی جیهان world, s night) بەکاردێنێت. پێی وایە شەوی جیهان تاریکیی خۆی بڵاودەکاتەوە و بوون تاریک دادێت؛ خواکان (مرۆڤە داهێنەرەکان) دەڕۆن. تەنیا بە گەڕانەوەیان دەتوانن مرۆڤ لەم تاریکەشەوە ڕزگاربکەن. ئەمە هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەرخەری ئەوەیە، هایدیگەر بڕوای بە هێز و بیرکردنەوەی مرۆڤە بۆ ڕزگارکردن و تێپەڕاندنی تەنگانە، بەرپەرچدانەوەیەکیشە بە ڕووی ئەوانەدا، کە پێیان وایە لەکاتی نەهامەتی و تەنگانەدا شیعر پێویست نییە و زیادەیە، یان ئەدەب سەرگەرمی و کات بەفیڕۆدانە.

## دیدی هایدیگەر بۆ هونەر و کاریگەریی نیتشە بەسەرییەوە

بەشێوەیەکی دیار دیدی هایدیگەر بۆ هونەر، لەژێر کاریگەریی هزری نیتشەدایە، هایدیگەر کۆمەڵێک وانە لەسەر نیتشە لەنێوان ساڵانی ١٩٣٦ بۆ ١٩٤٠ پێشکەش دەکات، دواتر ئەمانە لە کتێبێکدا چاپ دەکات، لەم کتێبەدا هایدیگەر بەدرێژی لەسەر هزر و فەلسەفەی نیتشە دەوەستێت، بەشێکی تەرخانە بۆ فەلسەفەی جوانیناسی لای نیتشە. نیتشە پێنج دەستەواژە لەسەر هونەر بەرهەم دێنێت کە هایدیگەر لە دەرسگوتارەکانیدا کاری لەسەر کردوون:

١- هونەر ڕوونترین دەرکەوتنی ویست بۆ هێزە.
٢- هونەر لە ڕێگەی هونەرمەندەوە دەناسرێت.
٣- هونەر دەبێت بە ڕوودانی هەموو هەبووەکان.
٤- هونەر بزوتنەوەیەکی تایبەتە دژی هیچگەرایی.
٥- هونەر لە ڕاستی بایەخدارترە. (هایدیگەر: ٢٠٢٣: ١٣٣).

پوختەی ئەم پێنج دەستەواژەیەی نیتشە بەم شێوەیەیە: هونەر ویستی مرۆڤە و پێوەندی بە هونەرمەندەوە هەیە، هونەرمەندیش لە سایەی هونەرەکەوە هەیە، دژی هیچگەراییە و وەک ڕاستی بایەخی هەیە و بگرە بایەخدارتریشە. تێگەیشتنی هایدیگەریش وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا زۆر لەم دیدەوە نزیکە، هایدیگەر هونەرمەند و کارە هونەرییەکە بە بنەما بۆ یەکتری دادەنێت، ئەوانیش بەسایەی هونەرەکەوە هەن، هونەریش بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە و دژی هیچگەرایی و میتافیزیک و تەکنۆلۆژیا ڕادەوەستێت، ڕاستیی بوون دەردەخات.

## هونەر و ئازادی

هایدیگەر ڕۆڵی مێژوویی بە هونەر دەدات، بەو پێیەی هونەر ڕاستی بوون دەردەخات و مرۆڤە ڕەسەنەکان و هونەرمەندان دەبنە پارێزەری بوون، چونکە بوونی ناڕەسەن و ئەوانەی لەناو بوونی ناڕەسەندان، ناتوانن سەربەستانە بژین و ڕۆڵی مێژوویی ببینن.

تا دازاین ڕەسەنانە نەژیت ناتوانێت ڕاستیی بوون بناسێت، هونەر زادەی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە و پێوەندی بە سەربەستییەوە هەیە، تا مرۆڤ ئازاد نەبێت ناتوانێ ڕاستی بناسێت، بۆیە هونەریش بەرهەمی ویستی ئازادە، ئەمە لینکی لەگەڵ بیرکردنەوەی (کانت)یش هەیە، بەوەی پێی وایە ڕۆشنگەری و داهێنان پێوەندییان بە ئازادییەوە هەیە، پێوەندییان بە ئازادی بەکارهێنانی عەقڵەوە هەیە، مرۆڤ دەبێ بوێری ئەوەی هەبێ بیربکاتەوە، بوێریی زانینی هەبێ.(کانت: ٢٠١٧: ٢٦)، بۆیە لای هایدیگەر هونەر ترۆپکی ئازادییە، ترۆپکی باوەڕبوونە بە ئازادی، ناتوانین باسی هونەر بکەین و باوەڕمان بە ئازادی نەبێ، بە خۆگرمۆڵەکردن لەناو بەندوباوی نەریتی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژی، تاک ناتوانێ لە واتای هونەر بگات و بیکاتە ڕێڕۆشنیی بوون، ئاخر بیرمان نەچێ، هونەر و فەلسەفە

بە تەنیا کتێبێک و تابلۆیەک و مۆسیقایەک نین، بەڵکوو هونەر و ئەدەب و فەلسەفە هەمیشە لەناو بوونێکی مرۆییدا بوونە، فەلسەفە و بیرکردنەوەی جوانیناسانە شێوازێکی ژیانیش بووە، ژیانێک لە شکۆمەندی و بوونێکی مرۆڤانە، لە ئاستێکی بەرز، نەک مانەوە لە ئاستێکی ناڕەسەن و نامرۆڤانە و مانەوە لەناو عەقڵییەت و هەڵسوکەوتی نزم و شەرمهێن، بۆیە زۆرجار ئەم بوونە ناڕەسەنە لای خۆمان لە هەموو ئاستەکان دەبینینەوە، چ لای تاکێکی ئاسایی کۆمەڵگە، چ لای کادیرێکی زانکۆیی، یان هەر بوارێکی تر.

بوونی ناڕەسەن کە لەناو ئایدیۆلۆژیا و بەندوباوەکاندا دەژیت، ئازاد نییە، بۆیە (ڕاستیی بوون truth of being)ی نەدۆزیوەتەوە، ئەگەر بانگەشەی ڕاستیش بکات، ئەوە ڕاستییەکی ساختەیە و لێی بووەتە ڕاستی. میتافیزیک و بیرکردنەوەی ماتماتیکی و ژمێریاری بۆ بوونی ناڕەسەن دەبنە حەقیقەت و ئەو لەناو زانیاریدا دەژیت نەک زانین، زانیاری ژمێرەکییە و لەسەر چەندایەتی وەستاوە، نەک چۆنایەتی، لە نەریتی ژمێریاری و تەکنۆلۆجیدا شتەکان لەسەر بنەمای ژمارە و سوود و قازانج دەپێورێن، نەک لەسەر تێگەیشتن و جیاوازی، بەرهەمی زانیارین نەک زانین، بۆیە عەقڵی ئامێری زیاتر هەڵوەدای ژمارە و ئامارە، چونکە بوێریی بیرکردنەوە و بوێریی زانینی نییە، بیرناکاتەوە، بۆیە لەسەردەمی تازەگەریدا هونەر بە بازاڕی دەبێ و دەخرێتە خزمەت سیستمە سوودخوازییەکەی سەرمایەداری.

بوونی ناڕەسەن شێوازێک نییە، کە لە بنەڕەتەوە مرۆڤ کەوتبێتە ناوی، بەڵکوو ڕووداوە و مرۆڤەکان لە ڕەوتی ژیانیاندا ناڕەسەن بوونە، بارودۆخێکە لە ناهۆشیارییەوە هەڵیان بژاردووە، یان بەسەریاندا سەپێنراوە، بەڵام لای هایدیگەر ئەمە دۆخێک نییە نەگۆڕێت و تاهەتا بمێنێتەوە، بەڵکوو بوونی ناڕەسەن دەتوانێ بەئاگا بێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕەسەن. هایدیگەر هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەڕانەوە بۆ بوونی ڕەسەن دەخاتەڕوو، ئەویش هونەرە، پێی وایە هونەر دەتوانێ مرۆڤ لە دەسەڵاتی میتافیزیک و دەسەڵاتی تەکنۆلۆژیا ڕزگاربکات، لەناو هونەریشدا زیاتر گرنگی بە شیعر دەدات، پێی وایە شیعر مرۆڤ لە (لەبیرچوونی بوون) دەپارێزێت، چونکە شاعیران (بە زمانی هایدیگەر خوا هەڵهاتووەکان) زمان بە مەبەستی ڕاڤە و دەرخستنی ڕاستییەکانی بوون بەکاردەهێنن، زمانی هونەر، زمانی ڕاڤە و تێگەیشتنە، لەکاتێکدا زمان لە بوونی ناڕەسەندا گوتنی لەکارکەوتووە، زۆربڵێیی و خۆتێهەڵقورتانە: ((لە گفتوگۆکردندا ئەوەی بێدەنگە دەیەوێ تێبگات، ئەم کەسە بێدەنگە ڕەسەنتر لە کەسێکی زۆربڵێ خاوەنی تێگەیشتنە. زۆر گوتن لەسەر بابەتێک، بابەتەکە ڕوون ناکاتەوە، بەڵکوو دیشارێتەوە و ڕوونکردنەوەیەکی ساختەی بۆ دەکات)) (بوون و کات: ٢٠١٣: ١٦٤).

## پوختەی هزری هایدیگەر سەبارەت بە فەلسەفەی هونەر

- هونەر وەک فەلسەفە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە، هونەرمەند وەک فەیلەسووف ڕاستیی بوون دەردەخات.
- هونەر بابەتێکە پێوەندیی بە سوود و بەکارهێنانەوە نییە، کارێکی هونەری بەوە لە کارێکی ناهونەری جیادەکرێتەوە کە کارە هونەرییەکە سەرچاوەی بیرکردنەوەیە و حەقیقەت دەدۆزێتەوە، بەڵام کارێکی ناهونەری لایەنی سوود و بەکارهێنانی هەیە و ئامرازێکی ڕۆژانەییە.
- هونەرمەند لە کاری هونەری کەرەستە دەگۆڕێت بۆ هونەر، جیهانەکەی خۆی کە جیهانی هونەرییە دادەمەزرێنێت، زەوی دەگۆڕێت بۆ جیهان.
- سەرچاوەی کاری هونەری هونەرمەندە و سەرچاوەی هونەرمەندیش کارە هونەرییەکەیە، هەردووکیشیان بەسایەی هونەرەکەوە هەن، ئەمەش بازنەیەکی هێرمۆنتیکییە و بە بوونی ڕەسەنەوە پێوەندیدارە، دازاینی ڕەسەن بەهۆی تێگەیشتن و

بیرکردنەوەکەیـەوە هونـەر دادەهێنێـت.

- لای هایدیگـەر هونـەر لاسـاییکردنەوە نییـە، بەڵکـوو داهێنانـە.

- هایدیگـەر چەمکی ئیسـتێتیک ڕەت دەکاتـەوە، لەبریـدا فەلسـەفەی هونـەر بەکاردەهێنێـت، ئەمـەش لـەو سـۆنگەوەیە کـە ئیسـتێتیک، واتـە بابەتـی هەسـتەکی، یـان هەسـتکردن، لەکاتێکـدا لای هایدیگـەر هونـەر تەنیـا لایەنـی هەسـتەکی نییـە، بەڵکـوو سـەر بـە بیرکردنەوەیـە و هونـەر وەک فەلسـەفە ڕاستییەکانی بوون کەشف دەکات.

- هایدیگـەر لەبەرانبـەر دەسـەڵاتی میتافیزیـک و تەکنۆلۆژیا هونـەر وەک هێـزی ڕزگارکـەر دەبینێت، پێـی وایـە لەسـەردەمی نەهامەتـی و تەنگانـەدا شـاعیران مـرۆڤ ڕزگاردەکـەن و هایدیگـەر بـە خـواکان ناویـان دەبـات، کـە مەبەسـت لێـی مرۆڤـە داهێنەرەکانـن.

- هایدیگەر هونەر و ڕاسـتی (حەقیقەت) پێکەوە کۆدەکاتـەوە، هەردووکیشـیان بـە تاکێکـی ئازادەوە دەبەسـتێتەوە، پێـی وایـە تـا تـاک ئـازاد نەبـێ، ڕاسـتی نادۆزرێتـەوە، هونەریـش کـە گوزارشـتە لـە ڕاسـتی، بەرهەمـی دازاینـی ئـازادە.

- هایدیگـەر پێـی وایـە لـە سـەردەمی تازەگەریـدا هونـەر لـە خزمەتـی سیسـتمی سـوودخوازیی سـەرمایەداری و تەکنۆلۆژیادایـە، بۆیـە هونـەر بـە بـازاڕی دەبـێ و دەبێتـە بابەتێـک بـۆ جەمـاوەر و لەپێنـاو سـوود و بەکارهێناندایـە، تەنیـا بـە هونـەری ڕەسـەن و گەڕانـەوەی شـاعیران مـرۆڤ لەژێـر هەژموونـی میتافیزیـک و تەکنۆلۆژیـا ڕزگاری دەبـێ.

### سەرچاوەکان

#### بە کوردی


- هایدیگـەر، مارتـن (٢٠١٣)، بـوون و کات، وەرگێڕانـی: د. محەمـەد کەمـال، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم.

- هایدیگـەر، مارتـن (٢٠٢٣)، نیتشـە، وەرگێڕانی: د. محەمـەد کەمـال، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم.

- کەمـال، محەمـەد (٢٠١٧)، فەلسـەفەی هونـەر، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشـی سەردەم.

- کانـت، ئیمانوێـل (٢٠١٧)، ڕۆشـنگەری چییـە؟ و: ڕێبیـن ڕەسـوڵ ئیسـماعیل، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، بڵاوکـراوەی دەزگای ئایدیـا.


#### بە ئینگلیزی


- Martin Heidegger،what is poetry for? in poetry، language، thought، translated by albert hofstadter،Harper & Row publishers، New York، 1971.

- Martin Heidegger، the origion of the work of the art, in poetry، language، thought، translated by albert hofstadter،Harper & Row publishers، New York، 1971.

- Spiegel interview with martin heidegeer، translated by Maria Alter and John D. Caputo : https://bublitz.org/wp-content/uploads/ 2018/ 03/ Heidegger-Spiegel-31-05-1976.pdf.



* محەمـەد نەبی: خوێنـدکاری دوکتـۆرا لـە ئەدەبی کـوردی- زانکۆی سـۆران.